ساڵی داهاتوو لەشش پارێزگای دیکەی عێراق بیمەی تەندروستی بە هاوڵاتیان دەختەن بواری جێبەجێکردنەوە

بەڕێوەبەری سندووقی بیمەی تەندروستی وتی، سەرەتای ساڵی داهاتوو لەشش پارێزگای دیکەی عێراق بیمەی تەندروستی بە هاوڵاتیان دەختەن بواری جێبەجێکردنەوە کە هەریەک لەپارێزگاکانی (بەسرە، میسان، زیقار، نەجەف، کەربەلاو بابل) دەگرێتەوە.

ئەمە چوارشەممە ٢١ی ئایاری ٢٠٢٥، عەلی ئەحمەد، بەڕێوەبەری سندوقی بیمەی تەندرووستی عێراق رایگەیاند، تا ئێستا زیاتر لە ملیۆنێک و ٧٦ هەزار هاوڵاتی بیمەی تەندرووستییان بە کراوە.

وتیشی، پێشبینیدەکرێ لە ڕۆژانی داهاتوودا دوو پارێزگای دیکەش بە بیمەی تەندروستی زیاد بکرێت تا لەگەڵ ئەو شەش پارێزگایەدا بیخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

دەشێت، تەواوی هاوڵاتیان لە بیمەی تەندرووستی سوودمەند دەبن، بەهەیەوە لە دامەزراوە تەندروستییەکاندا بەنرخێکی کەم خزمەتگوزاری تەندروستیان پێشکێش دەکرێت و چیتر پێویست ناکات بە چارەسەرکردن بچنە دەرەوەی وڵات.